## وانەی حەوتەم

# قوتابێتی - 1

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### ستایش و پەرستن

### خودا پیرۆزە

فێربکە: ئایا (پەرستن) چییە؟

هەڵوێستی ملکەچی و نوشتانەوە و تەرخان کردنە بۆ خودا، ئەمانەش بە ڕێگای نوێژی جۆراوجۆر و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا سەبارەت بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خودا فێردەبین.

ڕابەری گروپ: ئەو فێرکردنە بخوێنەوە کە دەڵێت (خودا پیرۆزە).

بیرۆکەی سەرەکی: خودا پیرۆزە

(ئیشایا6: 1-8)( ئیشایا 1: 15-17) (دەرچوون 34: 6-7)

**1** واتای پیرۆزی

وشەی (پیرۆزی) دوو لایەن دەگرێت:

**ئـ)** دابڕان لە ستەم و گوناه و بابەتە دنیاییەکان. **ب)** تەرخانکردنی خودە بۆ ڕاستوودروستی و ڕاستی و ترسی خودا.

(پیرۆزی) واتا (تەواوی کەسایەتی و ڕەفتار). بەڵام بە (پیرۆزی) ناو نابرێت کە تەنها دابڕێت لە ستەم وگوناه و بابەتە دنیاییەکان، بەڵکو کاتێك کە تەرخان دەکرێت بۆ ڕاستوودروستی و ڕاستی و ترسی خودا. لایەنی یەکەم بەبێ لایەنی دووەم بە (تەواو) هەژمار ناکرێت، چونکە تەواوەتی کەسایەتی و ڕەفتار پێویستی بە بوونی هەردوو لایەن هەیە: (دابڕان) و (تەرخان کردن).

**2** پیرۆزی و خودا

خودا پیرۆزە. ئەو تەواوە لە کەسایەتی (سیفەتەکانی) و ڕەفتاری (کردەوەکانی). **ئـ)** لایەنی یەکەم. خودا دابڕاوە لە ستەم بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە. ئەو ڕقی لە ستەمە بە هەموو ڕوخسارەکانی. هەروەها ڕقی لە گوناهیە ئەگەر زۆر بێت یا کەم. **ب)** لایەنی دووەم. خودا تەرخان کراوە لە هەموو سیفەتە خوداییەکانی. ڕاستگۆیە لە جێگیربوون و ڕاستی. بە واتایەکی دیکە. ئەو بەتەواوەتی ڕاستوودروستە هیچ شتێك ناکات و هیچ شتێك ناڵێت جگە لە چاکە و ڕاستی. هەروەها تەرخانکراوە بۆ یەکسانی و دادوەری. بۆیە یەکسانییەکەی تەواوە. ئەو ڕۆژە دێت کە تیایدا ستەم سەرزەنشت دەکات و پاداشتی یەکسانی دەداتەوە. هەروەها هیچ لەکە و گەندەڵی لە خودا نییە. هەروەها تەرخانکراوە بۆ خۆشەویستی و هەموو شتێك کە بانگهێشتی خۆشەویستی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆشەویستی تەواوە و هەموو وشە و کردارەکانی هاندەرن بۆ خۆشەویستی. تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانە جوانەکەی بۆ ئەم جیهان و بۆ ئەم گەردوونە. ئەمەش واتا ویستی هەردەبێت بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت، بۆیە فریشتەکانی ئاسمان تەواوەتی کەسایەتی ورەفتاری دەبینن بۆیە ستایش دەکەن و دەڵێن: پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە! خوداوەندی سوپاسالار!

**3** پیرۆزی و ژیانی هاوبەش

کاتێك ئیشایا چووە حزوری خودای پیرۆز. گڵاوی خۆی بینی. بۆیە بە سەرسوڕمانییەوە وتی: (قوڕ بەسەرم، فەوتام! چونکە من کابرایەکی لێو گڵاوم و لە نێو گەلێکی لێو گڵاودا نیشتەجێیم). خودا پیرۆزە ناکرێت **ژیانی هاوبەشی** هەبێت لەگەڵ کەسانی گڵاو! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودا دەیەوێت **ژیانی هاوبەشی** هەبێت لەگەڵ مرۆڤ، تاکە چارەسەریش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لابردنی گڵاوی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤ بەخۆی ناتوانێت لەگڵاوی ڕزگار بێت. تەنها خودا دەتوانێت لەگڵاوی ڕزگاری بکات.

خودا کڵاوی ئیشایای لابرد بەڕێگای لێخۆشبوونی گوناهەکەی. ئەو کارەش بە شێوەیێکی **هێمایی** ئەنجامدرا بە بەکار هێنانی پشکۆیەك لە قوربانگای ئاسمانییەوە هەڵیگرت بۆ پاککردنی ئیشایا لەگلاویەکەی بەکاری هێنا. (کەفارەت کردن) لە کتێبی پیرۆز واتا (پێدانی کرێی گوناهەیە و جێگیرکردنی تورەیی خودا سەبارەت بە گوناهە، ئاشتکردنەوەی تاوانبار لەگەڵ خودایە) لەبەر ئەوەی کەفارەتی کوناهەکانی ئیشایا کرا، توانی بەبێ ترس لە حزوری خودا بوەستێت، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خودا هەبێت. هەروەها ئەگەر ویستمان **ژیانی** هاوبەشیمان هەبێت لەگەڵ خودا پێویستە ڕێگا بدەینە خودا کەفارەتی گوناهەکانمان بکات.

**4** پیرۆزی و خزمەت

خودا کەسی گلاو لە خزمەت خۆی بەکار ناهێنێت! ناکرێت پێغەمبەرێ گلاو نوێنەرایەتی خودای پیرۆز بکات لە پێش خەلك. بەلاّم لەبەر ئەوەی خودا کەفارەتی گوناهەکانی ئیشایای کرد، توانی ئیشایا لە خزمەتەکەی بەکار بهێنی. ئەگەر ویستمان خزمەتی خودای پیرۆز بکەین، پێویستە ڕێگا بدەین خودا کەفارەتی گوناهەکانمان بکات.

رابەری گروپ: خودا بە سیفەتی خودایێکی پیرۆز بپەرستن. لە گرووپی بچووك بپەرستن کە هەریەکیان پێکدێت لە سێ کەس.

## بەشداریکردن

**ئینجیلی مەتتا**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕۆحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕۆحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (مەتتا22: 1 - 25: 13) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## فێرکردن

**حەوت هەنگاوی بۆ بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز**

## ئـ ) نوێژ چییە؟

**1** نوێژ گفتووگۆ کردنە

**ئـا** دوو جۆر لە گفتووگۆکردن.

**گفتووگۆبکە:** جیاوازی چییە لە نێوان ئەم دوو شێوەیەی خوارەوە؟




**تێبینییەکان:** ئەمە گفتووگۆیەکی یەك لاییە. لەبەر ئەوەی تۆ لە نوێژکردنت وەلاّمدانەوەت نییە لەگەڵ ئەوەی خودا پێتی دەفەرموێت (لە کتێبی پیرۆز).




**تێبینییەکان:** ئەمە گفتووگۆیەکی دوو لاییە. لەبەر ئەوەی تۆ لە نزاکردنت وەڵامدانەوەت هەیە لەگەڵ ئەوەی خودا پێتی دەفەرموێت (لە کتێبی پیرۆز).

**ب)** نوێژ گفتووگۆ کردنە.

**بخوێنە:** (پەیدابوون18: 17-33).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** لەم نوێژەدا خودا چەند جار قسەی کرد، هەروەها ئیبراهیم چەند جار قسەی کرد؟

**تێبینییەکان:** لە ماوەی ئەم نوێژەدا، خودا 7 جار قسەی کرد و ئیبراهیم 6 جار. ئەم نوێژە ئەوە پیشان دەدات کەوا نوێژ گفتووگۆ کردنە لە نێوان خودا و مرۆڤ کاتێك بەیەکەوە گفتووگۆ دەکەن.

**پ)** کێ پێشان دەست بە قسە دەکات.

**بخوێنە:** (زەبووری5: 3). **بدۆزە و گفتووگۆبکە:** پێویستە کێ دەست بە گفتووگۆ بکات؟

**تێبینییەکان:** 1. خودا دەتوانێت دەسپێبکات هەروەها تۆش دەتوانی دەست بەم گفتووگۆ کردنە بکەیت. لە (پەیدابوون18) دەبینین چۆن خودا دەسپێشخەری کرد و ئارەزووی خۆی بۆ ئیبراهیم ئاشکرا کرد سەبارەت بە دوو شاری (سەدوم و عەمورە)ی ستەمکار. پاشان ئیبراهیم وەڵامدانەوەی هەبوو لە ڕێگای نوێژکردن لە پێناوی ئەو بێتاوانانەی کە لەو دوو شارەدا بوون. 2. لە (زەبووری5) داود دەست بە نوێژ دەکات بۆ خودا. پاشان بە تکاوە چاوەڕێی کرد تا خودا وەڵامی نوێژەکەی بداتەوە.




**پوختە:** نوێژ گفتووگۆیەکی گۆڕاوە لە نێوان خودا و تۆ. هەریەکتان دەتوانن دەستی پێبکەن.

**2** نوێژ وەڵام دانەوەیە

**تێبینییەکان**

**بخوێنە:** بڕگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** خودا چی دەڵێت یان چی دەکات؟ خەڵك چۆن وەڵام دەدەنەوە؟

| ئێمە بە ڕێگای نزا وەڵام دەدەینە | خودا دەدوێ و کاردەکات |
|---|---|
| ئـ) ستایشی خودا بکە لە ڕێگای نوێژ بە خۆشی و شادی ئالەتی مۆسیقاوە ستایشی خودا بکەن گۆرانی روحی بۆ بڵێن.<br>ب) دان بنێ بە گوناهەکانت بۆ خودا، داوای لێبکە لێت ببووریت.<br>پ) داوا بکە لە خودا تێگەیشتنێکی راستت بداتێ و ڕێبەریت بکات لە ژیانت، یارمەتیت بدات لە دوور کەوتنەوە لە ئەنجامدانی گوناه لە دژی ئەو.<br>ت) داکۆکی بکە لە بەردەم خودا لە پێناو ئاراستە کردنی پێداویستی خەڵك.<br>ج) سوپاسی خودا بکە لەبەر ئەو خۆشەویستییەی کە کۆتایی نایەت و لەبەر کارە مەزنەکانی. | ئـ) (زەبووری33: 1-4) ووشەی خودا ڕاستە.<br>ب) (زەبووری51: 10،4-12). ووشەی خودا لە ڕێگای ناسان پێغەمبەر گوناه سەرزەنشت دەکات.<br>پ) (زەبووری119: 33-37). خودا لە ڕێگای شەریعەت، ڕاسپاردە، یاسا، پەیمانەکانی.<br>ت) (پەیدابوون18: 17، 20-26) خودا پێداویستی خەڵکی ڕوون دەکاتەوە.<br>ج) (زەبووری107: 4-15). خودا لە بەڵاکان رزگارمان دەکات. |

**پوختە:** نوێژ وەڵامدانەوەی ووشە و کاری خودایە بە پێنج ڕێگای جیاواز.

نوێژ وەڵامدانەوەیە لە ڕێگای ستایش کردن، دان پیانان، پارانەوە (داواکارییەکان)، داکۆکی کردن، سوپاس

3 دەکرێت نوێژ چەخت بکاتە سەر چەند لایەنێك

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئەم سێ نزا جیاوازە جەخت دەکاتە سەر کێ؟

**تێبینییەکان**

| | | |
|---|---|---|
| زەبووری77: 7-14 | ئەم نوێژە چەخت دەکاتە سەر خودا. لەسەر سیفەتەکانی، ووشەکانی، کارەکانی. |  |
| کۆلۆسی1: 9-12 | ئەم نوێژە چەخت دەکاتە سەر کەسیتر. لەسەر پێداویستییەکانیان. | |
| زەبووری31: 2-5 | ئەم نوێژە چەخت دەکاتە سەر خود. لەسەر پێداویستییە تایبەتییەکانت. | |

**پوختە:**
- دەکرێت نوێژ چەخت بکاتە سەر خودا – سیفەتەکانی، ووشەکانی، کارەکانی.
- دەکرێت نوێژ چەخت بکاتە سەر کەسیتر – پێداویستەکانیان.
- دەکرێت نوێژ چەخت بکاتە سەر خود – پێداویستیە تایبەتییەکانت.

**ب) هەڵوێستەکان و نوێژ**

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** هەڵوێستە (ڕەفتار) گرنگەکان چین لە کاتی نوێژ کردندا؟

*ئـ ا بێ فیزی.*

**بخوێنە:** (پەندەکان3: 5-6) (1یۆحەننا5: 14).

**تێبینییەکان:** هۆشت (بیرۆکە و هاندەرەکانت) ملکەچی هۆشی خودا بکە. خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، ئەوانەی پشت دەبەستنە تێگەیشتنیان (1پەترۆس5: 5-6).

| ب) لێخۆشبوون. | پ) دەست پاکی. |
|---|---|
| **بخوێنە:** (مەرقۆس11: 25). | **بخوێنە:** (مەتتا6: 5-8). |
| **تێبینییەکان:** هەموو کەسێك ببەخشە کە خراپەی بەرامبەر کردووی. تورە مەبە و هەوڵ مەدە تۆڵە بسەنیتەوە. ئەگەر لەو کەسە نەبووریت کە خراپەی لەگەڵدا کردووی ئەوا خوداش لێتنابووریت. (مەتتا6: 14-15) (زەبووری66: 18). | **تێبینییەکان:** بەرەنگاری ویستەکانت بەرەوە بە سەرسام کردنی خەڵك بە نوێژکردنت. ئەگەر حەز دەکەیت خەڵکی بتبینێت و گوێبیستت بێت لەکاتی نوێژکردن ئەوا پاداشتی خودا بەدەست ناهێنی. |

**پ ) جێبەجێکردنی کرداری**: ڕێگای جیاوازی نوێژکردن **بۆ وەڵامدانەوە ووشەی خودا.**

**نوێژ لەکاتی** خەڵوەت **بۆ وەڵامدانەوەی ووشەی خودا:** پاش ئەوەی تەواو دەبی لە ڕامان لە ڕاستی پەسەند کراو. نوێژ بکە بە پشت بەستن بە ڕاستی پەسەند کراو بە شێوەیەك نوێژەکەت وەڵامدراوی ووشەی خودا بێت. نوێژ بکە بە ڕاستی پەسەند کراو بۆ خۆت و کەسێکیتر لە خێزانت و کەسێکی نزیکت و کەسێکی دوور لێت. کاتێك لەگەڵ هاوڕێیەك نوێژ دەکەیت، دەتوانن هەر یەك لەئێوە بە ڕاستی پەسەند کراو نوێژ بکەن.

نوێژ **لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بۆ وەڵامدانەوی ووشەی خودا:** پاش ئەوەی تەواو دەبی لە خوێندنی بڕگەی کتێبی، نوێژ بکە بە پشت بەستن بەو ڕاستییە گرنگانەی خودا لەم بڕگەیە فێری کردوویت. بە شێوەیەکی تایبەت نوێژ بکە بۆ ئەوەی خودا ڕێبەریت بکات بۆ ئەو ڕێگایەی کە دەیەوێت بەکاری بهێنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کراوە لەم بڕگە کتێبییە لەسەر ژیانی کەسیت.

**نوێژ لەکاتی خوێندنی کتێبی پیرۆز بۆ وەڵامدانەوی ووشەی خودا:** پاش ئەوەی تەواو دەبی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی واتای بڕگەی کتێبی، نوێژی ئەو ڕاستییانە بکە کە لەو بڕگەیە هاتووە، ئایەت لە دوای ئایەت- بە شێوەیەکی وەڵامدراو لەگەڵ خودا. ئەم ڕێگایە پێی دەوترێت (نوێژلە ڕێگای پشت بەستن بە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز).

**نوێژ**

گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یان سیانی، پاشان بەنۆرە (زەبووری34: 1-21) بخوێننەوە. هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێت دەستبەجێ نوێژ کورت بەرز بکات بۆ وەڵامدانەوەیك لەگەڵ ئەو ئایەتی خوێندی.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانییان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە وەڵامدانەوت هەبێت لەگەڵ خودا بە نوێژکردن کاتێك قسەت لەگەڵ دەکات.

**خەڵوەتی** ڕۆحی: بەردەوامبە لەسەر خەڵوەتی ڕۆحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (مەتتا25: 14 – 28: 20). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (ئەفەسۆس4: 17 – 5: 17). بۆچی من لێرەم؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

نوێژ: بۆ کەسێکی دیاریکراو یان بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕۆحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.